ڕۆژی گەل
NOV-4-2007- NO:197

# تورکیا دەیەوێ بێتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان یان هاتووە ؟!

ماوەیەکە لە ڕاگەیاندنەکانی کوردستان و جیهاندا زۆر بە چڕی باس لە ئەگەری لەشکرکێشی سوپای تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان دەکرێ. بەوهۆیەشەوە کوردستانیان لەنێوان ترس و دڵەڕاوکێ دا ڕاگیراون. ئەوانەی سەریان لە گۆنگەرەکە دەردەچێ خۆیان نیگەران ناکەن و سەرپێیانە گوێی لێدەگرن، ئەوانەی دیکەش پەرۆشانە لە داهاتوو دەروانن و پێیانوایە کە ئەمە یەکەمین جارە سوپای تورکیا پێ لە خاکی هەرێمی کوردستان بنێ!

هاتنی سوپای تورکیا بۆ ناو باشووری کوردستان مێژوویێکی درێژی هەیە، لانی کەم تا ئێستا بیست و چوار جار بە فەرمی هاتۆتە ناو خاکی هەرێمەوە.

لەسەردەمی ڕژێمی بەعس دا هاوهەنگی و ڕێککەوتن لەنێوان بەغدادو ئەنکارا هەبوو، بەوهۆیەوە سوپای تورکیا بێ مۆڵەت دەیتوانی تا دە کیلۆمەتر بێتە ناو خاکی عێراق (کە تەنیا خاکی باشووری کوردستانی دەگرتەوە) هەروەها دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 جارێکی دیکەش سوپای تورکیا لەگەڵ هاوپەیمانانی ئەمریکا هاتنەوە باشووری کوردستان و خۆیان لە زاخۆ جێگیر کرد، تەنانەت ئەو کاتە نوێنەرانی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان سەردانی ئەو بارەگایەیان دەکرد و دەستخۆشیان لێدەکردن!! دواتر بەهاوکاری و هاوهەنگی نێوان دەوڵەتی تورکیا و زلهێزەکانی کوردستان بنکەو بارەگای خۆیان لە نێو زۆربەی شارەکانی باشووری کوردستان دامەزراند.

سەرەنجام شەڕی نێوەخۆ دەرفەتێکی زێڕینی بۆ تورکیا ڕەخساند تا گرەوی لەسەر بکرێ و بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان بانگ بکرێ. لەو نێوەندەدا سوپای تورکیا پێگەی خۆی لە بامەڕنێ و



چیای گارە دانا، هێزێکی دیکەشیان بە سەرۆکایەتی حەسەن قاپلان بەناویPMF ەوە لەژێر ناوی ناوبژیوان هێنرانە کوردستان و جێگیرکران، تەنانەت لە گەڕەکانی شەڕی نێوەخۆدا ئەوان چاودێریان بەسەر هێڵەکانی بەریەککەوتن دا دەکرد!! دواتریش لە پێتەختی هەرێم لە باشترین باڵاخانە جێگیربوون. ئەگەر چی دوو ساڵ دەبێ کە هێزەکانی پی ئێم ئێف هەڵوەشاونەتەوەو بنکەی ئاشکرایان لە شاری هەولێردا نەماوە، بەڵام فەرماندەی ئەو هێزە لەژێر ناوی بازرگانی و قۆنتەراتەوە هەر لە هەولێر ماوەتەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە بەگوێرەی زانیاریەکان ئێستا هێزێکی سوپای تورکیا لەنێو فرگەی کەرکوک دا بە بڕیاری ئەمریکا جێگەی خۆیان کردۆتەوە، لەوێشەوە ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی بەرەی تورکمانی و هاودەستانی خۆیان دەکەن.

بەدرێژایی12 ساڵی ڕابردوو هێزەکانی تورکیا زۆر ڕاشکاوانە لەنێو خاکی هەرێمی کوردستان دا جێگیرن و بوونیا هەیە. لە هەفتەی ڕابردوو هەواڵەکان ئاشکرایان کرد کە سوپای تورکیا کۆمەک و هێزی دیکەی بۆ پێگەی بامەڕنی ناردووەو ڕێگریشی لێ نەکراوە!! کەواتە باسکردن لە هاتنی سوپای تورکیا ئەگەر دیوێکی پاوانخوازی تورکیا ئەستوور تر بکات، دیوەکەی دیکەشی کایەی خاپاندنی خەڵکی پی بەڕێوەدەچێ، دیسانەوە کۆمەڵێک کێشەو گرفت لەبیر خەڵک دەباتەوە، ئەو هەنگاوانە سارد دەکاتەوە کە بەمەبەستی لەقاودانی گەندەڵی و خۆسەپاندن هەڵدەگیرانەوە. تەمەنی گەندەڵچی و بەرژەوەندخوازان درێژتر دەکاتەوە. کوردستانیان لەنێوان خراپ و خراپتر دا ناچار دەبن دژ بە خراپتر ڕابوەستن، بەرگری و بەرخۆدان دژ بە لەشکرکێشی سوپای داگیرکەر بە ئەرکی لەپێش و گرنگی خۆیان بزانن، چۆن جاران خەڵک ڕژێمی سەدامیان بە گەورەترین مەترسی دادەنا و ئامادەیی هەموو جۆرە فیداکارییێک بوون تا دەسەڵاتی سەدام بۆ کوردستان نەگەڕێتەوە، بەوهۆیەشەوە چاویان لە شەڕی براکوژی، قۆرخکردنی دەستەڵات، پاوانکردنی داهاتەکان و سەختی بژێوی ڕۆژانە دەپۆشی، ئێستاش هەمان هەڵبژاردن دووپات دەبێتەوە، بۆیە کوردستانیان هێزو توانای خۆیان دژ بە هاتنی سوپای تورک چڕ دەکەنەوە.

هێشتنەوەی بنکەو پێگەی سوپای تورکیا لە بامەڕنێ و چیای گارە وەک سنگەکەی مەلای مەزبوورە وایە، ڕۆژ دوای ڕۆژ بۆگەن دەکات و خاوەن ماڵ هەراسان و بێزار دەکات، بەڵام ئایا بۆچی بە درێژایی ئەو هەموو ساڵە پەرلەمانی کوردستان خۆی بێدەنگ کردووەو باس لە پێگەی سوپای تورکیا لەنێو خاکی هەرێمی کوردستان ناکات؟! ئایا ئەرکی پەرلەمان نیە داوا لە حکومەت بکات تا پێگەکانی سوپای تورکیا دابخات و هێزەکانیان بۆ دەرەوەی سنوور ڕەوانە بکاتەوە؟! ئایا سەرۆکایەتی هەرێم ئاگای لەوە نیە کە سوپای تورکیا پێگەی لە بامەڕنێ و چیای گارەو فرگەی کەرکوک دا هەیە؟! ئایا هەواڵی ئەوەی پێناگات کە بەردەوام ئەو پێگانە بارووبوو دەکرێن و تورکیا هێزی زیاتریان بۆ ڕەوانە دەکات؟!

گریمان ئەوانەی باسکران بوونیان نیە!! هیچ هێزێکی سوپای تورکیا لە بامەڕنێ و گارەو کەرکوک دانین!! بەڵام دیسانەوە دەبێ دان بەو ڕاستیە دابنێین کە تورکیا لەڕێگەی بازرگانیەوە باشووری کوردستانی داگیرکردووە. ئێستا بازاڕەکانی کوردستان لە کاڵاو بەرهەمی تورکی تژین. سەدان کۆمپانیای تورکیا لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆک دا دەست بەکارن، چ بەسەرمایەی خۆیان بن یان هاوپشک لەگەڵ حکومەتی هەرێم و بەرپرسان دا بن. تەنانەت خانوو، ڤێللا، کۆمپانیاو ڕەزو باخەکانی بەرپرسان بە کەرەستەی تورکی لەلایەن تورکەکانەوە دروست دەکرێن. هەندێک لە بەرپرسەکان هەفتانە یان مانگانە خواردنی تایبەت، جلوبەرگی بەڕادان دراو، پێداویستی ناوماڵ وکەرەستەی سەیارەکانیان لە تورکیاوە بۆ دێ.

ڕاستیەکەی لەسەر خواست و داوای بەرپرسان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا لەشکری کۆمپانیا و بازرگانەکانی تورکیا لەنێو شارەکانی کوردستان دا جێگیر کراون و هاوکاری دەکرێن. کاڵای ستۆک و ناتەواوی تورکیا کە لە جیهاندا بە خراپترین کاڵا ناسراوە لە بازاڕەکانی کوردستان دا ساغ دەکرێنەوە و ئابووری تورکیا پێ دەوڵەمەند دەکرێ. باشە ئەگەر ئەمە هاتن نەبێ، دەبێ چ ناوێکی دیکەی لێبنرێ و لە چ خانەیەکدا پۆلێن بکرێ؟!

بەو خوێندنەوەیە گومان نامێنێتەوە کە تورکیا دەمێکە هاتۆتە کوردستان و دەستی ئاوەڵا کراوە، بەڵام ئایا ئەم هات و هاوارە لەچی سەرچاوەی گرتووە؟! ئایا ئەمجارەیان تورکیا دەیەوێ **کوزەی ئیراک**! هاوشێوەی **کوزەی کوبرس** دروست بکات؟ یان ئێستا گیانی ئامادەیی لە دەستەڵاتدارانی کوردستان ڕسکاوەو دەیانەوێ خۆیان لە تورکیا بکێشنەوەو بەوهۆیەشەوە لە ڕاگەیاندنەکاندا ئاگر دەکەنەوە؟!

زۆر پسپۆڕ و چاودێری سیاسی لێکدانەوەی خۆیان بۆ ڕەوشەکە کردووەو لێیان بەهرەمەند بووین، بەڵام کرۆکی کێشەکە ئەوەیە کە هێشتا ئێمەی کوردستانی بە ڕاستی هاوکێشەکەمان نەخوێندۆتەوە و ناشمانەوێ دان بە ڕاستیەکان دابنێین و بپرسین: ئایا تورکیا دێتە ناو باشووری کوردستان یان هاتووەو تێیدا جێگربووە؟!

چاسوورکردنەوەی دەوڵەتی تورکیا بۆ ئەوەنیە کە تازە بێتە کوردستان و تێیدا جێگیر بێ، بەڵکو بۆ ئەوەیە تا کورد لەبەرانبەر بەغداد نەرم بنوێنێ و باس لە ماددەی 140 نەکات، ڕاستیەکەشی وەک خۆیان دەڵێن پەیامەکەیان گەیشتووە، ئەوەتا حکومەتی هەرێم و دەستەڵاتدارانی کوردستان بەرەو بەغداد ڕادەکەن، پاراستنی سەروەری کوردستان و بەدەنگەوە هاتن بە ئەرکی حکومەتی بەغداد دەزانن و لێی دەخوازن ڕۆڵی براگەورەیی و خاوەن ماڵی بگێڕێ، هەر لەو پێوەندەشدا کاربەدەستانی بەغداد لەخۆباییانە سەرکۆنەی کورد دەکەن و بە فیزەوە باس لەوە دەکەن کە لە تەنگانەدا کورد خۆی بە عێراقی دەزانێ!!

گۆڤەند مەوجود

# ڕایس لەسەرانەکەیدا مژدە بە تورکیا دەکات

ئاکۆ مەجید

سەردانی **کۆنۆلیزا ڕایس** وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئەنکارا کە ڕۆژی هەینی واتە پێری ئەنجام درا، کۆمەڵێک پرسیاری لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو. هەندێک پێیانوابوو کە ڕایس لەو سەفەرەیدا ئامۆژگاری ئەردۆگان و کاربەدەستانی کۆشکی چەنکایا دەکات و پێیان دەڵێ کە نابێ هێرش بکەنە سەر باکوری عێراق! چونکە بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتیەوە مادام ئەمریکا وڵاتی عێراقی داگیرکردووە، ئیدی پاراستنی لە ئەستۆی ئەمریکا دایە.

بۆچوون و لێکدانەوەی چاودێران لەلایەک، هاوهەنگی ژێراوژێری واشنگتۆن و ئەنکارا بۆ لێدانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەلایەکی دیکەوە خوێندنەوەیەکی دیکەمان پێدەڵێن. ڕاشکاوانە پێمان دەڵێن کە هەردوو لا بۆ لێدانی گەریلاکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی باکوری کوردستان هاوهەڵوێستن، بەگوێرەی بەرنامەی پێشتر داڕێژراویان خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی سیناریۆی دیکە ئامادەکردووە.

لە ڕاگەیاندنەکاندا عەلی باباجان وەزیری دەرەوەی تورکیا ئاشکرای کرد کە سەفەری ڕایس بۆ ئەنکارا دەستپێکی هاوکارییە لەگەڵ واشنگتۆن بۆ دژایەتیکردنی جیاوازیخوازانی کورد!

ڕایس بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی وڵاتانی دراوسێی عێراق سەردانی تورکیا کردبوو، بەڵام بەر لەوەی بەرەو ئیستانبۆل بڕوات، لە ئەنکارا نیشتەوەو چاوی بە **تەیب ڕەجەب ئەردۆگان**ی سەرۆک وەزیران و عەلی باباجانی وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە کەوت. ڕایس جگە لەوەی کە کۆمەڵێک پێشنیاری بەسوودی بۆ تورکیا پێبوو، دڵنەوایشی کردن و هاوسۆزی لەگەڵ دا نواندن و بەڵێنی هاوکاریکردنیشی پێدان، لەبەردەم ڕاگەیاندنەکاندا گوتی: " پەکەکە دوژمنی هاوبەشی ئەمریکاو تورکیایە"

ڕایس لەو سەردانەیدا مژدەی بە سەرانی تورکیا داو پێیڕاگەیاندن کە واشنگتۆن بە سێ شێواز هاوکاری تورکیا دەکات:

1- بەپێی پلانی داڕێژراو هاوکاری لەنێوان تورکیا، ئەمریکاو عێراق بۆ لێدانی پەکەکە دەست پێدەکات. واشنگتۆن پشتیوانی لە ئۆپەراسیۆنێکی دیاریکراوی سوپای تورکیا لە نێو خاکی کوردستانی عێراق دا دەکات.

2- دە گەورە بەرپرسی پەکەکە لەنێو تاوانبارانی داواکراو ڕیزبەندی دەکرێن، هەوڵی دەستگیرکردنیان دەدەین.

3- سیاسەتێکی هاوبەش بۆ هەڵوەشانەوەی **پەکەکە** دادەڕێژین، وەکو دوژمنی هەردوولا ڕەفتاری لەگەڵ دا دەکەن.

وێرای ئەوانەشەوە ڕایس بەرنامەی سەفەری ئەردۆگانی بۆ واشنگتۆن وەرگرت و ئاشکراشی کرد کە لە دیداری جۆرج بووش دا ستراتیژێکی هاوبەش تاوتوێ دەکرێ. چاودێران ستراتیژی هاوبەش بەوە لێکدەدەنەوە کە تورکیا ڕەزامەندی خۆی بۆ هێرشکردنە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران پێشان بدات. تەنانەت هەندێک لە چاودێران پێیانوایە کە پلانێکی هاوبەش لەنێوان تورکیاو ئەمریکادا هەبوو، تورکیا بەڵێنی بە ئەمریکا دابوو بەبیانۆی لێدانی پەکەکەوە لەشکرکێشی بۆ ناو خاکی هەرێمی کورستان بکات، هاوهەنگی ئێران وەربگرێ و سوپاکەی ئەویش بەرەو خاکی هەرێمی کوردستان ڕابکێشێ، بەوهۆیەشەوە ئەمریکا پشتیوانی نێو دەوڵەتی مسۆگەر بکات و هێرش و پەلامارەکانی خۆی بۆسەر ئێران دەست پێبکات، بەڵام وریایی و هۆشیاری سەرانی ئێران و ئامادە نەبوونیان بۆ هاوکاری و لەشکرکێشی ئەو پیلانەی پوچەڵ کردەوە، بۆیە ئێستا ئەمریکا پێویستی بە پیلان و سیناریۆیێکی دیکە هەیە تا پێی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕابکێشێ و پاساوی هێرشکردنە سەری مسۆگەر بکات.

# ئەو کەسەی لە پشت چیرۆکی چەکی بایۆلۆژی عێراقەوە بوو، ئاشکرا دەکرێ

هەردی ئیبراهیم محەمەد

بەرنامەی نوچەی شەست خولەک کە لە تەلەفزیۆنی ئەمریکادا بڵاو دەبێتەوە، ناوی ئەو کەسەی ئاشکرا کرد کە ئەمریکای بەهەڵەبردووەو باوەڕی پێهێناوە کە ڕژێمی سەدام حسێن چەکی بایۆلۆژی کۆکوژی گواستراوەی هەیە، ئەمەش بۆتە بنەمای ئەو بیانۆیانەی کە هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان ڕژێمی سەدام بە مەترسی بۆ سەر داهاتوو بزانن و ساڵی 2003 لەژێر ناوی پڕۆسەی ئازادی عێراق دا هێرشی بکەنە سەرو بیڕوخێنن.

بەگوێرەی بەرنامەی نوچەی شەست خولەک ئەو کەسە ناوی ڕافد ئەحمەد عەلوانە، لە بازنەکانی سیخوڕیدا بە کێرڤ پۆل ناسراوە، ساڵی 1999 لە عێراق ڕایکردووەو خۆی گەیاندۆتە وڵاتی ئەڵمانیاو لە کەمپێکی پەنابەراندا گیرساوەتەوە، خۆی وەک پسپۆڕی ئەندازیاری کیمیایی ناساندووە، کەچی ڕاستیەکەی دزێکی ناسراو، خوێندکارێکی تەمبەڵ بووە.

بەرنامەکە دەڵێ ئەو کەسە بۆ ئەوەی بە ئاسانی مافی مانەوە وەربگرێ، ئەو چیرۆکەی دروست کردووەو توانیویەتی دەزگاکانی سیخوری ئەڵمانیاو ئەمریکا فریو بدات. تەنانەت سی ئای ئەی زانیاری ئەو کەسەیان بە کۆڵن پاول دا تا بە جیهانیان ڕابگەیەنێ کە سەدام حسێن چەکی کوکوژی گواستراوەی هەیە.

ڕافد ئەحمەد عەلوان وای پێشانداوە کە بەرپرسی کۆمپانیایە لە جەرف نەداف کە چەکی بایۆلۆژی گواستراوە بەرهەم دێنێ. هەر ئەوکاتە لەچوار چێوەی تیمی پشکنینی نێودەوڵەتی سیخوڕانی ئەمریکا خۆیان گەیاندۆتە جەرف نەداف، بەڵام سەرەداوێکیان دەست نەکەوتووە.

بەرنامەکە ئاماژەی بەوە داوە کە دوای ڕوخاندنی سەدام شوێنەواری ئەو چەکە نەدۆزراوەتەوە، هەرچەندە کە ئەمریکاو هاوپەیمانانی زۆر خۆیان خەریک کردو زۆریش بەدوایدا گەڕان و پارەیەکی زۆریشیان خەرج کرد، کەچی هەر نەدۆزرایەوە، بەوشێوەیە قسەکانی دەزگەی هەواڵگری ئەمریکا کورتی هێنا. بۆ بەدواداچوونی ڕاستیەکان چەند ڕۆژنامەوانێک بەدرێژای دوو ساڵ کاریان کردووە، سەرەنجام **بۆب سیمۆن**ی ڕۆژنامەوان لە بەدواداچوونێکی دوو ساڵەیی دا ئەو بەڵگەنامەیەی دەستکەوتووە و بۆی ئاشکرا بووە کە ڕافد ئەحمەد عەلوان کاتی خۆی بە دزیکردن لە کۆمپانیای بابل بۆ بەرهەمهێنانی یەلەکترۆنی تۆمەتبار کراوەو فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە، ئەویش ڕایکردووەو خۆی گەیاندۆتە ئەڵمانیاو ئەو چیرۆکەی دروست کردووە.

بەرنامەکە ئاشکرای کردووە کە کە بڕیار وایە ئەمڕۆ یەکشەممە کەناڵی ئاسمانی سی بی ئێس ڕاستی بەڵگەنامەکەو چیرۆکە هەڵبەستراوەکە بڵاو بکاتەوە.

هەرچەندە کە ڕافد ئەحمەد عەلوان دزبووە، بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری چیرۆکێکی درۆیینی هەڵبەستووە، بەڵام خزمەتێکی گەورەی بە گەلی عێراق کردووە، توانیویەتی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی باوەڕپێبهێنی تا هێرش بکەنە سەر سەدام حسێنی دیکتاتۆرو ڕژێمی بەعس بڕوخێنن و گەلی عێراق ڕزگار بکەن.

لەوانەیە ڕافد بەهۆی درۆکەیەوە سزا بدرێ، بەڵام ئەو نیشانەی خۆی پێکاو بەمەبەستی خۆی گەیشت، دەستی خۆش بێ.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com